مارکۆ ڕۆبیۆ هاوبەشیی بەردەوامیی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بە بنەمایەکی سەقامگیری و پێشکەوتن لە قەڵەم دەدات

سەرکایەتی هەرێم ڕایگەیاند، مارکۆ ڕۆبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نامەیەکی ئاڕاستەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم کردوەو تێیدا هاوبەشیی بەردەوامیی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بە بنەمایەکی سەقامگیری و پێشکەوتن لە قەڵەم دەدات.

سەرکایەتی هەرێم لە ڕاگەیەندراوێکدا کەدستی موتێع کوتووە، وتی، ئەمڕۆ یەکشەممە 2025/11/9 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نامەیەکی لە مارکۆ ڕۆبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاوە پێگەیشت.

وەك لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، لە نامەکەیدا ڕۆبیۆ ستایشی ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی دەکات لە کردنەوەڕۆی بڕیی نێوان عێراق و تورکیا بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، هەروەها پێشوازی لەو هەنگاوە دەکات.

سەرکایەتی هەرێم وتوشیەتی، لە بەشکی دیکەی نامەکەدا، ڕۆبیۆ پێزانینی بە ڕۆڵی

بەردەوامی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئاسانکردنی گفتوگۆی نێوان تورکیا و پەکەکە و هەوڵەکانیان لەپێناو پاراستنی ئارامی و سەقامگیریدا لە سوریا، دەردەبڕێت.

سەرکایەتی هەرێم ئاماژەی بەوەشداوە، "ڕێبین هاوبەشیی بەردەوامیی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بە بنەمایەکی سەقامگیری و پێشکەوتن لە قەڵەم دەدات." و هەر لەمبارەیەوە بۆ نێچیرڤان بارزانی نوسیوە "سەرکردایەتی و هاوبەشیی بنیاتنەرانەتان، گیانی بەرپرسیاریەتی و دانایی بەرجەستە دەکەن کە دەبنە هۆی پتەوکردنی ئاشتی و هاریکاری."

لە کۆتاییی نامەکەیدا، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا "وێنای سۆاو و ڕۆز و سوپاسگوزاری بۆ هاوپەیمانیی بەردەوامی هەردولا"، ستایشی هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی لەپێناو هاوبەشی و یەکگیزیدا دەکات، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە "پتەوکردنی هاریکاریی ئابوریی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان، بەرژەوەندیی هاوبەشیان بەهێز دەکات."